پارە ئاسنەکە وەردەگرن..

تارا عەلی

لە گۆڕانی هەر سیستێمێك لە هەر وڵاتێكدا، کۆمەڵێك یاسا و ریسای لە گۆڕ دەنرێت و کۆمەڵێك گۆڕانكاری نوێ لە رژێمی وڵاتدا دەكرێت و بەو پێیە كە لە گەل واقیعی وڵاتەكەدا، بگونجێت. لە عیراق و لە دوای داگیركردنی وڵاتی كوێتەوە، ئیتر وردە وردە وەك سەرەتایەك، پارەی چاپی نوێ (تەزویر)، پەیدا بوو. ئەوە بە شتێكی سەیرو سەمەرە دەهاتە پێشچاو كە هەندێ جاریش(مام هەیدەر)ی دراوسێمان لەبەر خۆیەوە دەیوت: (مادام ئەم نەوعە پارەیە دروست بووە، ئاخر زەمانە و ئیتر گرانییە). خۆ ئەو قسەیەی مام هەیدەر بە جۆرێك لە جۆرەكان راست دەرچوو، بەڵام نەك بەو تێگەیشتنەی ئەو: تا ساڵی ٢٠٠٣، واتە ساڵی لە گۆڕنانی دیكتاتۆری بەغدا. ئەو رژێمە كە بە ئارەزووی خۆی چەندین شێوازی پارەی دروستدەكرد و دەیخستە بازاڕەوە و ئیتر هەقی بەوەوە نەبوو، هاوڵاتی تا چ ئاستێك دەتوانێ شمەكی پێ بكرێت.

بێگومان لە گۆڕنانی هەر دەسەڵاتێك، بەرنامەداڕێژی هەیە و كاری بۆ دەكرێت و لە گۆڕنانی دەسەڵاتی بەعسیش هەر وا بوو، هەرچەند زۆر كەسمان لەو باوەڕە نەبووین، ئەمریكا بە عیراق بوێرێت....

لە دوای روخاندنی ئەو دەسەڵاتە و پێكهێنانی حكومەت، پارەیەك خرایە بازاڕەوە كە(سفرێكی زۆری هەیە) و هیچ ناكات، ئەمەش لەبەر ئەوەی ژێرخانی ئابووری عیراق بە یەكجارەكی داتەپیوەو بۆیە وای لێ هاتووە، دواتریش پارەی ئاسن خرایە بازاڕەوە كە منالێش پێی قاییل نابێ، چونكە دەزانێ هیچ نرخێكی نییە.

بەندە لەم رۆژانەدا، لەگەل رێزم بۆ مامۆستا و پیشەكەی، ئێوارەیەك لەلای بەقاڵێكی ناسیاوم لە شاری كەلار، مامۆستایەكم بینی ووتی پارەی ئاسن وەردەگرن؟؟!

كاكی بەقاڵیش زۆری پێی سەیر هات بەوەی كە داخۆ دەبێ ئەو مامۆستایە خەڵكی ئێرە بێت. دوای تۆزێك وەستان، لە وڵامدا ووتی: نەخێر، چونكە لە بازاڕدا خەرج نابێت. دواتر مامۆستاكە وتی، هەقتە، چونكە حكومەت خۆی لە موچەی مانگانەی مامۆستایان، بڕێك پارەی ئاسنینی پێداوین و لە گەڵ ئەوەشدا بۆ ئابوونەوەی مانگانەی حیزبی خۆیانیش، لێمان وەرناگرنەوە.! ئایا ئەمە حكومەتە؟

لێرەوە دەڵێین، با حكومەت وەكو ئەوەی كە گرنگی بە ژیانی مامۆستایان نادات كە تاكە توێژی پەراوێزخراون، وەكو ئەوەی ناتوانێت ئەو بڕە پارەیە لە بازاڕدا خەرج بكات یان لەگەل مووچەی مانگانەدا پێمان نەدات، یاخود لە بەرامبەر ئابوونەوەی مانگانەی حیزبیدا، لێمان وەربگرن كە ئەوەش بە بێ ویستی خۆمان، لێمان دەبڕن!!

ئایا حكومەت ئەو پرسیارە لە خۆی كردوە، بۆچی ئەو پارە ئاسنینە وەرناگرن؟؟!

ئەرێ مزگەوتی تر دروست دەكرێت؟

عەبدولقادر حەمەساڵح

لە كوردستان و بە تایبەتی لە دەڤەری گەرمیان،كێشەی هەرە گەورەی پەروەردە و خوێندن، كێشەی نەبوونی بینای قوتابخانەیە و كێشەكە بە جۆرێك گەورە بووەتەوە، قوتابی دەبێ لەمپەڕی شار بۆ ئەو پەڕی شار بۆ قوتابخانەكەی بڕوات، چونكە لە قوتابخانەكەی نزیك ماڵیانەوە، شوێنی نابێتەوە. ئەوانەی فەرمانی گواستنەوە دەهێنن و ماڵیان لە جێگایەكەوە بۆ گەڕەكی شەهیدان دەگوێزێتەوە، خۆ ناكرێت لەم سەردەمەدا منالێ لە خوێندن بێ بەش بكرێت. بۆیە دایك و باوكان ناچار دەبن منداڵەكەیان بۆ قوتابخانەیەكی دوورتر ببەن. ئیتر تا ئەو منداڵە دەگەڕێتەوە، لەبەر زۆری كێشە و كارەساتی هاتووچوو، وەك كورد دەڵێت((دڵت لە مشتدا دەبێت))، كەچی لە سیستێمی پەروەردە دەبێ قوتابخانە ٥٠٠مەتر لە ماڵی قوتابی دوور بێت. پەروەردە لە ساڵی رابووردووەوە تاكە چارەسەری بۆ ئەو كێشەیە ئەوە بوو، دانانی(كابینە)لە گۆڕپانەكەیان گەورەیە، بۆ ئەمەش بیر لە كەشوهەوای گەرمیان نەكراوەتەوە، لە وەرزی زستان، سەرماو سۆڵەی باران و لە وەرزی هاوین بە پێچەوانەوە گەرما و تیشك و باوتۆز، رەنگە منالانمان توشی دەیان نەخۆشی گوێزراوەوە و درێژ خایەن بكات و بۆ ئایندەیان مەترسیدار بێت. لە گەل دروستكردنی گەڕەكی شەهیدان لە كەلار تا ئێستا بە كۆمەكی خەڵكی(٣-٤)مزگەوت دروست كراوە و ناریان لێ ناوە"خێر"، بەڵام سەیر لەوەدایە ئەو خێركردنە تەنها بۆ مزگەوت دەگەڕێتەوە و هیچی تر. تۆ بڵێی تەنها مزگەوت دروستكردن خێر بێت؟ لەولاشەوە بەشێكی ئەم كێشەیە دەگەڕێتەوە سەر حكومەت و لەبەردەمیدا بەرپرسیارن، چونكە پرۆژەی دروستكردنی قوتابخانەكان دەدرێت بە بەڵێندەرە تورەكەكان و بەنیوەچڵی بەجێی دەهێڵن و سەقەتی دەكەن وەك بەرزەكی بانە بۆی دەرئەچن و لە كوردستانیش حكومەت هیچ لێپرسینەوە لەگەل بەڵێندەرو خاوەن پرۆژەكان ناكات، بۆیە ئەوان تەنها كار بۆ پڕكردنی گیرفانی خۆیان دەكەن و خەڵكیان بەلاوە گرنگ نییە، لەوە دەچێ شارەوانی بۆ تەرخانكردنی زەوییەك بۆ مزگەوت، كارئاسانی بكات و هێندەی بەقەدەر ئەوەی بۆ مزگەوت بكرێت، لەو باوەڕەدا نیم بۆ قوتابخانەیەك بكرێت، چونكە مزگەوت دروستدەكرێت و هەموو دەوڵەمەندو بەرپرسەكان كۆمەكی دەكەن تا خەڵك پێیان بڵێت ئەوانە پیاوچاكن. بەڵام كاتێ كار دەگاتە سەر دروستكردنی قوتابخانە، خۆیانی لێ كەڕدەكەن، كەچی منداڵەكانیشیان لەوێ فێری نووسین و خوێندن دەبن. ئومێدەوارم حكومەت و بەرپرسان بە خۆیاندا بچنەوە و زیاتر خەمی پرۆسەی خوێندن و دروستكردنی بینای قوتابخانە بخۆن.

شارەوانیەكی كەڕوكاس

هاوڵاتیەكی گەڕەكی كەلاری كۆن

سەردەمێك بوو بە ئاوات بووم خەڵكی ئەم دەڤەرە بەیەك دەنگ بە یەك سەدا هاوار بكەن نا بۆ گەندەڵی....نا بۆ گەندەڵی...خۆشبەختانە ئەوەی من ئاواتە خوازی بووم زۆر لەوە جوانتر رویدا،بەڵام بەداخەوە ئەو دەهۆڵەی كە لێدرا بۆ گەندەڵی بەرگوێی كاربەدەستانی شارەوانی كەلار نەكەوت،ئەگەرنا لە تازەترین دەست پێكی كارەكانی دوای شانۆی(٧) ی ئەم مانگە گەندەڵیەكان دوو بارە نەئەكردەوە،ئەگەرچی من دەرچووی هیچ بەشێكی ئەندازیاری نیم وشارەزای بواری بیناكاریش نیم،بەڵام ئەوەی لە كارەكانی شارەوانی كەلاردا دەبینرێت پێویست بە لێورد بوونەوە ناكات بەڵكو بە رۆژی نیوەڕۆ هاوار دەكات هاگەندەڵی...هانەبوونی لێپرسینەوە...

ئەوەی سەرنجی راكێشام بۆ نووسینی ئەم بابەتەكۆنكریتی یەكێك لە گەڕەكەكانی كەلاری كۆن بوو،بێگومان كۆنكریت كردن پێویستی بە دانانی(جۆینە)ئەمەش بۆ پارێزگاری لەو زیانانەی كە بە هۆی كرداری(كشان و چونەوەیەك)وە رووئەدات،بەڵام بە داخەوە ئەو جۆینتانە لەو گەڕەكە بە پارچە تەختەیەك ئەكرێت وپێش خۆگرتنی كۆنكریتەكە فەوری دەردەهێنرێت،هەر بۆیە تۆپەڵ تۆپەڵ چیمەنتۆ لە گەل خۆی هەڵدەگرێت.من پێم وایە ئەمە لە گەل هیچ لایەنێكی ئەندازیاریدا ناگونجێت بەڵكو پێویستە(تەپدۆر)ی بۆ دابنرێت كە خاوەنی سیفەتێكی لاستیكی یەو مانەوەشی تەنانەت هیچ كێشەیەك دروست ناكات،

جا نازانم شارەوانی كەلار تاكەی گەندەڵی تاكەی گومڕایی، دڵنیا بن كار وابڕوات رۆژێك دادێ تورەیی هاوڵاتیان بنەوبارگەی ئێوەش دەگرێتەوە،بۆیە من وەكو هاوڵاتیەكی دڵسۆز تكا ئەكەم بەخۆتانا بچنەوە،كارەكانتان سەرەتایا وزۆری ماوە(نەچووە تا بچێت)با چیتر پینەو پەرۆ بەرنامەی كارەكانتان نەبێت،رۆژانە سەردانی پرۆژەو كارەكانتان بكەن ولە ژوورە سارەدەكانی خۆتان كەڕووكاس لێی دامەنیشن.

ناوچەی پیشەسازی كەلار گرفتی زۆرو چارەسەری كەم

عوسمان محەمەد

وەك هەنگاوێكی شارستانیانە وبە مەبەستی دووەخستنەوەی بازاڕی فیتەری وئاسنگەری لە ناوەندی شارەوە،پارسالێ و بە هۆی دیاریكردنی ئەرزە بۆ پیشەوەران لە لایەن حكومەتی هەرێمەوە.لە خوارووی شاری كەلارەوە ناوچەیەكی پیشەسازی درووستكراو،تەواوی پیشەوەران و فیتەری ورۆنگۆڕی وئاسنگەری و...هتد.خزێنرانە ناوییەوەو شاربەدەر كران. بەڵام چۆن شاربەدەرێك،كە روو دەكەیتە ئەم ناوچەیە دەبێ بەر لە هەر شتێك دەمامك(قناع)یك ببەستی لە بەر باوتۆز وخۆڵ وخاكی ناوچەكەو ئەو پیسی و پاشەڕۆیانەی كە تەپ وتۆزەكە دیكاتە سەروچاوتا.ئەمە جگە لەوەی كە نە ئاوی هەیە ونە كارەبای پێویست و نە ئاوەڕۆ.

لە هەموو دونیادا كە ناوچەیەكی ئاوا دروست دەكرێت، بەر لە هەر شتێك پێداویستیەكانی ژیانی تیا دابین دەكرێت و لایەنی خزمەتگوزاری رەچاو دەكرێت چونكە ئەوانەی دەچنە ئەو جێگەیە مرۆڤن و پێویستیان بە ژیان هەیە هەرچەندە پیشەوەرن. پێویستیان بە بنكەی تەندروستی و ئاوو جێ حەوانەوە و گەراج و چێشتخانەو كافتریاو شوێنی گونجاوو چاودێری گشتی هەیە. بە لایەنی كەم دەبێ بنكەی پۆلیس و ئاگركوژێنەوەی تیدا بێت بۆ ئەوەی لە جێگەی وادا هەم شەڕو دەمەقاڵە رودەداو هەم ئەگەری كەوتنەوەی ئاگریش هەیە،بەڵام بە داخەوە ئەم ناوچە پیشسازییە لە هەموو ئەو پێداویستیانە بێ بەریییە و هەروا دروست كراووەو پیشەوەرانی تێفڕێ دراوەو رەچاوی هیچ یەك لەوانە نەكراوە. بۆیە لە رێگەی ئەم نووسینەوە دەمەوێ بیری حكومەت و دەزگا بەرپرسەكان بخەمەوە كە ئەم ناوچەیە پڕە لە كێشەو گرفت و چارەسەر نەكراون. تكایە چاوێكمان لێ كەن و بێنە دەنگمانەوە. گەر نا كێشەكان گەورەتر دەبنەوە و وەرسی و بێزارییەكانمان زیاتر دەبن و ئێوەش بەرپرسن و بەرپرسیارێتیش ماندووبوون و خۆ هیلاككردنی زۆرتری دەوێ لە ئاست گرفت و كەم و كوڕییەكانی ئێمەی پیشەوەرو تەواوی جەماوەردا..

عەرزەكانی سەر مانگ دەفرۆشێت بەتاپۆ بەڵام ناحیەی رزگاری لە ساڵی ١٩٨٧ تا ئێستا تاپۆنەكراوە.

دەشتی ئەنوەر لێخورەیی

بەدڵنیایەوە ئەگەر دەتەوێت بڕۆیت بۆ سەر مانگ پارچە زوریەك بكڕیت و بیكەیت

بە خانوو ئەوە دەتوانیت بە بڕی ٤٠ دۆلار پارچە زەویەك بكڕیت بە تاپۆوە، بۆ هەزاران نەوەی خۆت كە لەو پارچە زەوییەدا سودمەن بێت و ژیانی تیا بگوزەرێنێت گەر بیكات بە خانوو ئەم زەویانە لە سەر مانگ دەفرۆشێت كە هەردوو گەورە بازرگانی جیهانی پۆڵ باكسۆن ئوستورالی و دینیس جوب-ی ئەمریكی ئەم دوبازرگانە گەورەیە مافی ئەوەیان پێدراوە لە نەتەوە یەكگرتووەكانەوە كە ئەو زەویانەی سەرمانگ بفرۆشن بە هەموو هاوولاتیەكی سەر ئەم زەوییە، ئەم دوو گەورە بازرگانەش لە ساڵی ١٩٨٠وە هەتاوەكو ئێستا توانیانە نزیكەی (٢٠٠٠٠٠٠)ملیۆن زەوی بە هاوولاتیان بفرۆشن بەو نرخەی كە دانراوە بە بێ كەم و زیاد ،بەڵام لە ساڵی١٩٩٧ هەتا وەكو ئێستا ناحیەی رزگاری دروست كراوە یەك دەسەڵاتداراني خۆمان بۆ چی بەرامبەر ناحیەی رزگاری كەم تەرخەمن لە تاپۆكردندا دیارە هیچ سۆزێكیان نەماوە بەرامبەر هاوڵاتیان هەرچەندە باش دەزانن ناحیەی رزگاری هیچی بۆ نەكراوە چونكە هیچ ئامێرێكی نییە بۆ خزمەتگوزاری بەڵام هیچ نەبوایە دەبوایە كێشەی تاپۆكە پێش هەموو كارێك بكەوتایە خۆ ئەگەر خاوەن تاپۆی هەموو زەوییەكانی رزگاری بێت بە تاپۆ كەیەوە دەتوانێت هەموو خەڵكی ناحیەكەو دەزگا ئەمنی و حزبیەكانی لەو شارە دەربكات.

لە خەڵكەوە

كەلارو نەبوونی جێگایەكی تایبەت بۆ مەی خواردنەوە

ڕەنگە هەر خوێنەرێك لە دەرەوەی شاری كەلار ناونیشانی ئەم بابەتە ببینی بەلایەوە سەیربێ كە شارێكی بەرفراوانی وەكو كەلار جێگایەكی تیادا نەبێ بۆ خواردنەوەی (شەراب). خواردنەوەی شەرابیش پەیوەندی هەیە بە مرۆڤ خۆیەوە كەس ناتوانی ئەو مافە لە هیچ هاوڵاتیەك بسێنێتەوە كە بۆ مرۆڤ (شەراب) دەخواتەوە. زۆر بەداخەوە لەلایەن هەندێ (خەڵك) بەتایبەت گروپە ئیسلامیەكان هەوڵیان داو جێگای خواردنەوە لەشارەكاندا نەبێ، چونكە لەڕوانگەی ئەوانەوە ئەو كەسانەی (شەراب) دەخۆنەوە خەڵكی (غیرە دینین)واتە خەڵكی كافرن، منیش بە دڵنییایەوە دەڵێم تەنها خەڵكی ڕۆشنفیكرو لێهاتوو بە ویژدان (شەراب) دەخواتەوە دڵنیاشم لەوەی ئەو مرۆڤانەی(شەراب) دەچێژن، مرۆڤ بەلایانەوە زۆر پیرۆزەو جێگای بایەخ و ڕێزگرتنە، بۆیە دەڵێم پێویستە لەلایەن بەرپرسە ئیدارییەكانی شاری كەلارەوە هەوڵدەن بۆ دروست كردنی جێگایەكی تایبەت بۆ خواردنەوەی (شەراب) لە پێشدا جێگایەك بۆ خواردنەوە هەبوو، بەڵام ئەو جێگایە لەناوبراو ئێستا ئەو جێگایە كراوە بە دووكان . بۆیە پێویستە پەلە بكرێ لە دروست كردنی ئەو جێگایە، چونكە ئێستا (شەراب) خۆرەكانی كەلار بێ جێگان و ڕەنگە و زۆرجار لەماڵەوە خەریكی خواردنەوە بن، ئەمیش لەبێ جێگایدا. بە پێچەوانەوە زۆرجار ڕەنگە ڕووبكەن لە دەرەوەی شار و وەك (سەر ڕووباری سیروان و چەند جێگایەكی تر .) ئەمە لەوەرزی هاویندا زۆر وەرزێكی گەرم و ناخۆشە بەڵام وەرزی بەهار كاتێكی گونجاو و ئاساییە بۆ خواردنەوەی (شەراب).

پێویستە ئەو مرۆڤانەی (شەراب) دەچێژن هەق وایە یاداشتێك ئاراستەی بەڕێز قایمقامیەتی قەزای كەلار بكەن بۆ دروست كردنی جێگایەك بۆ خواردنەوە. دروست كردنی ئەو جێگایە هیچی كەم ترنییە لە ناوەندە ڕۆشنبیرییەكان. دواقسەیشم بە شیعرەكەی شاعیری بەناوبانگ (خەیام) دێنم كە دەڵێ:

چۆن تۆبە لەمەی دەكەی هەتامەی مابێ

كەمال حسین

هاوار لەدەست نەوت و بەنزین

یەكێك لە كێشە گەورەكانی خەڵك لە كوردستان بەگشتی و گەرمیان بەتایبەتی نەبوونی نەوت و بەنزینە و وای كردووە خەڵك لەگیانی خۆی وەڕس و بێزار بێت و نەزانێ چی دەكات. ناوەناوە ئەم كێشەیە چارەسەر دەكرێت و هەم دیسان سەر هەڵدەدات و دەبێت قەیران . لەو قەیرانەشدا كەنەوت و بەنزین دەست ناكەوێ بازرگانەكانی ئەم كاسبیە دەستدەخەنە بیناقاقای خەڵك و یەكسەر نرخی خەیاڵی دەخەنەسەر نەوت و بەنزینەكە و بەبەرچاوی سەدان بەرپرسی حكومی و حزبیەوە وەك میوەو سەوزە لەسەر جادەكان بانگەوازی بۆ دەكەن و دەیفرۆشن لە فرۆشتنیشیدا هەر خەڵكی هەژار و كەم دەست و بێ پوول و پارە دەبنە قوربانی ئەو وەزعەو بەنرخی گران دەیكڕن. لەماوەی چەند مانگی ڕابردوو كە هێشتا قرچەقرچی هاوین بوو یەك بەرمیل نەوت بە (٦٠) هەزار و یەك جلیكان بەنزین بە (٦ ـ ٧) هەزار دینار و دەستیش نەدەكەوت. ئێستا باشە . گەر زستان هات و دنیا ساردی كرد ئەبێ نەوت بە چەند دەست كەوێ.

ئەمە پرسیارێكە و بەردەوام خەڵك لەخۆی دەپرسێ . ئێستا باشە تا چەند لایەنە بەرپرسەكان لەم مەسەلانە یان كۆڵیوەتەوەو چەند بەدواداچوونی بۆ كراوە ، گەركراوە ئەی دەرئەنجام چی بوو . ئەمەیە مەسەلەكەو كێشەكە كە تائێستا خەڵك بەدەستیوە دەناڵێنێ و حكومەتیش خۆ لێ بێدەنگ كردووەو لەبازاڕی ڕەشیش بەتانكەر نەوت و بانزین دەست دەكەوێ و عەمباركراوە.

لە عەمباركردنی ئەو نەوت و بانزینەش گەر بەرپرسان شەریك نەبن ئەوە باج و دەرامەتی باشیان دەست دەكەوێت و خەڵكیش قوڕ بەسەری . هەرچی لێ دێت بابێت.

شەماڵ فەیزولا

شارەوانی رزگاری (باج) لە سەر ئەو هاوڵاتیانە دادەنێ كەخانویان داوە بەكرێ

لە ناوەڕاستی ئەم مانگەدا كارمەندانی (شارەوانی رزگاری) هەستاون بە تۆمارکردنی ناوی ئەو هاوڵاتیانەی كەوا خانوویان داوە بە كرێ.زۆربەی هەرە زۆری ماڵەكانی ناحیەی رزگارەیان گەڕاوە،دەڵێن ئەمە بڕیاری حكومەتی هەرێمی كوردستان (ئیدارەی سلێمانی)یە و ئێمەش هەستاوین بە جێ بە جێ كردنی، ئەو باجەش ١٠٪ بۆ حكومەت وەردەگرین، سەیرە ها دەڵێن پیاو پارەی نەمێنێ قەرزی كۆنی دەكەوێتە بیر. لێرە پرسیارێك دێتە ئاراوە.ئاخۆ هاوڵاتیان قەرزاری حكومەتن یان بە پێچەوانەوە حكومەت جێ دێڵم.

لەیلا ـ رزگاری

شۆفێرەكانی شاری كەلار (٥٠) دیناریان پێ نییە

شاری كەلار شارێكی بەر فراوان وگەورەیە،ئەم شارە رۆژ بە رۆژ بەرفراوان ئەبێتەوەو بەڵام لە گەل گۆڕانكارییەكانی سەردەمدا هەنگاو نانێ. لە زۆربەی شارەكانی تری كوردستاندا (تاكسی)خەریكی كاركردنن بۆ گواستنەوەی هاوڵاتیان بۆ هەر شوێنێكی شار بێ، تا ئێستا هەنگاو نەنراوە بۆ گۆڕینی (جێبەكانی كەلار)كە لە نێوان(بازاڕ ـ لیوا) و(بازاڕ ـ كەلار كۆن)و(بازاڕ ـ شەهیدان) و هتد.....

ئەم جێبانە بە بەردەوامی(٥٠)دیناری لە گەل خۆیان هەڵناگرن،لە كاتێكدا كرێی هاوڵاتیان بە(٢٠٠) دیناره.بەڵام كە (٢٥٠)دیناریان پێ دەدرێ(٥٠)دینارەكەت ناگەڕێننەوە.چاك وایە هەر مارەی لە سەر(٢٥٠) دینار ببڕێ.جگە لە وەی هەندێ (جێب)بە كەڵكی ئەوە نەماوە چیتر ئیشی پێبكرێ، لە كۆتاییشدا نموونەیەك ئەهێنمەوە ئەویش(رۆژێكیان لە گەل جێبێكدا سەركەوتم كە دابەزیم.كراسەكەم لە گەل بە دەرگای جێبەكەدا گیر بوو ودواجار درا)ئێستاش خەفەتی ئەو كراسەم لە دڵمایە چونكە(٢) رۆژ

درەخشان ـ كەلار

شارەوانی ڕزگاری لایدەبات و هاوڵاتیان وەك خۆی لێدەكەنەوە

ماوەیەك لەمەوبەر لە زستاندا شارەوانی ناحیەی ڕزگاری هەستا بە پڕكردنەوەی ئەو چاڵانەی كە بەگۆمی مەرگ ناسرابوون یان ئەو شوێنانەی كە هاوڵاتیان كردویان بە زەرعاتكردن و بە قامیش دەوریان دابوو هەمووی ڕوخاند و شوێنەكەی ڕێك كردەوە هەموو ئەوانەی نەهێشت ئەویش بە شێوەیەكی یەكسان نا تەنها چەند شوێنێك ، بەڵام ئیستا دووبارە هاولاتیان تەلبەنیان داناوەو خەریكی دروست كردنەوەی ئەو زەرعاتانەن كە پێشتر كردویان و یان ئەو چاڵانەی پڕكرابوونەوە لە چەند شوێنێكی دا تەلبەنی لێدراوەو ئاژەڵی تیادا ڕادەگیرێ و بۆنەكەی دەچێت بەسەر هاوڵاتیاندا حەق وایە شارەوانی دووبارە ئەو شوێنانەی كە هاوڵاتیان وایانی لێكردووە سزای یاساییان بدات نەك هەر لەسەر كورسی دەسەڵات دابنیشێ و ئاگای لەشار نەبێت نمونەی ئەو شوێنانەش چاڵەكانی سەر شارعی حەوت هەزارە.

(سكاڵای هاوڵاتیەك)

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com